www.kurdistannet.org
18/06/2002 21:34

# هەناسەکانی ئاشنا

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

من هەمیشە لە کاتی گەرم بوونی دەمارەکانم. . هەست بە لەرزۆکی پەنجەکان و زمانی نەفامی خۆم دەکەم ، خەمیشم لەوە نی یە کە هەتا ئێستا نەمتوانیوە پڕ بە پێستی خۆشی و میهرەبانی هەناسەکانی ئەو قسە بکەم. . تەنها دڵم لەوە پڕە نازانم شڵەژانم لە کوێوە دەستی پێ کردووە. . چونکە تێناگەم و بڕوا ناکەم. . ئەوە منم بە خاوەری خۆم گەیشتوم ، یان خەونێکی شینەو بۆ تاوێك لە سێبەری باخچەیەکی بەهەشت میوانم ؟! من دڵنیام دڵی ئاشنا هێندە نەرم و گەورەیە کەجێگای من و مامزو مێروولەش دەبێتەوە ،

بەڵام من خەون بەماڵێکی وەنەوشەیی ئەبینم. . دەمەوێ لە گەڵ ئەم کچە لە ماڵەکەماندا هەمیشە سەبەتەیەك پڕ لە سێو و ترێ و. . دوو ئینجانە شلکە گوڵ و. . بەشی هەزارهەزار پەرەسێلکەی ئاشق و ترسنۆك بەتانی و ژوورمان هەبێ ، ئەی خۆزگە بمتوانیبا سادەتر لە ئێستا بدوێم. . چەند خۆش بوو بە زمانی کوکوختی باسی خۆشی و ماڵەکەی سبەی ڕۆژمان بکەم. . خۆزگە بمتوانیبا باسی تامی ئارەقەی لا ملی ئاشناو. . فرمێسکی ئاو فرۆشەکان و. . کۆخە کۆخی تووتن فرۆشەکان بکەم ، هەناسەکان لێم ببورن کە زمانم گرینۆکەو ناتوانم باسی بۆگەن بوونی مەیتی پەپوولەکان بکەم.

سنەوبەرەکەی من ئاشنا ، پێش ئەوەی ئاوێتەی تۆ ببم و دەمارەکانی ڕۆحم زیندوو ببنەوە. . ژیان و کچ مشتێ نهێنی بوو. . بەلاَم ، کە لێوم لە تاریکی پرچت ئاوابو و پەنجەکانم لە دوو فانۆسەکەی سەر سینەت گیر بوو. . نهێنی وتاریکی بوونە هەورو زەردەخەنە. . بێچووە باڵندە لاسایی فرینیان کردەوەو. . لە گەرەکێکی کەنار شاریش چاوەشێکی دڵتەنگ گۆرانیەکی دەست پێ کرد هەموو مەحرومی ژیانی لە بیر بردینەوە ، لەم گۆرانیە کابرای چاوەش بە نازەنینەکەی خۆی دەڵێ :- ( (دووری لە تۆ سوتانەو شاد بوونیش بە باوەشی تۆ خەونێکی مەحاڵە ، ئەگەرچی تەنیا تۆ بۆنی گوڵت لێ نایێ. . بەڵام ، نازەنینەکەم لە کچانی تر من غەریبم. . ئاخر ئەوان یان کپن یان هەڵچوون ! تۆ لە ئەوپەڕی هەڵچونتا کۆتر بەبێ شەرم یەکتر ماچ دەکەن ، لە ئەوپەڕی هێمنی و بێ دەنگیتا. . باخچەی ماڵەکانی لێواری کۆڵان هێشتا هەر بە تەمای بۆنی باڵاتن) )

من دەمەوێ پێت بڵێم. . ئازارەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە زۆر گەورەو جەنجاڵە ، تازە ئیتر زەحمەتە بتوانین بە قەدەر کاسەی خۆشەویستی گۆرانی بڵێین. سەردەمێك لە دارستانە چڕەکانی قەدی دونیا ئینسان لەگەڵ دڕەندەترین جانەوەر ژیانی بە سەر دەبرد کاتێکیش دەبووە ئاشق بە لێدلنی دەهۆڵ دەیویست بە ئاوایی و بە دارستان و بە دونیای ڕابگەیەنێ کە تەواو خۆی لە دەست چوو ، سەردەمانێکیش لەوسەری دونیا کابرای ئاشق تا سەرنجی دولبەرەکەی ڕابکێشێ باڵداری حەوت ڕەنگی ڕاو دەکرد و پەڕە جوانەکانی لە سەری خۆی دەئاڵاند ، ئەی خۆزگە منیش بمتوانیبا گۆزەیەك پڕ لە ئاوی حەقیقەت و. . شوشەیەك پڕ لە ماسی نارنجی و سەعاتێکی دەستم کردبا دیاری !

لێم ببورن ، هەناسەکان ببورن. . دەبێ بە پەلە بە جێتان بهێڵم. . چونکە لە چوار دەوری ئەم جێ ژووانە دە هەزار چاو نیشتوەو. . دە هەزار دەستیش بە توندی وا لە دەرگا دەدەن !

هەولێر _ ١٩٩٤